KURDE

گەر لە **پرێفێکتۆر** ڕەفزیان کرد ناونووستان بکەن ئەوەکارێکی غەیر قانونیە.بۆ زیاتر زانیاری و ڕێنمایی پەیوەندی بەرێکحراوی پەنابەرانی دەهەمەوە بکەن لە ناونیشانی سەرەوە...

4-لەو بەڕێوەبەرایتیە ئیستیمارەیەکتان دە دەننێ بۆ ئەوەی پڕیبکەنەوە کە پێی دەلێن **زانیاری پەنابەری** بە فەرەنسی پێی دەلێن **نۆتیس ئازیل**، وەمەوعیدێکیش بۆ ئەوەی جارێکی بگەڕێەنوەبۆ ئەو بەڕێوەبەرایتیە.چەند **هە**فتەیەکتان بۆ پڕکردنەوەی ئەوئیستیمارەیە،ناویی خۆتان(**پرێنۆم**)،ناویی خێزان (**نۆم**)،وەک لەسەرەوە ڕوونمان کردەوە ناویی باوە گەورەتان بکەن بەناویی خێزان گەر ناویی خێزانتان نییە،ناویی وولاکەتان،ڕۆژ وسالی لەدایک بوونتان،ناویی باوک و دایکیشتان دەنوسن.هەروەها دەبێت ناویی ئەو وولاتانەش بنووسن کە پێیداڕۆشتون وهەتا گەیشتنتان بۆ فەڕەنسا.ئاگادارییەک،گەر ناویی یەکێ لەوولاتانی یەکیەتی ئەوروپان نوسیبێت بۆنمونە(یۆنان،ئیتالیا،ئەلمانیا،نەمسا...هتد)ئەوا فەرەنسا بۆی هەیە ڕەفزیی داواکەتان بکات و بتان نێرێتەوە بۆ یەکەم وولاتی ئەوروپی کەپێیداڕۆشتون.هەر لەوێ لە ڕۆژی مەوعیدەکەدا،پەنجەمۆرتان دەکەن.وەئیجازەی مووەقەتان دەدەنێ کە بۆمانگێکەو بە فەرەنسی پێی دەلێن(**ئا،پێ،ئێس**)**کارتی سەوز**،هەروەها فایلێکیش(ئیستیمارە)کەبە فەرەنسی پێی دەلێن (**لیاس ئۆفپرا**).

5-ئەو فایلە یان ئیستیمارەیە (لیاس ئۆفپرا) پڕدەکەنەوە، لە مالەوە یەعنی لەدەرەوەی ئۆفپرا بە یارمەتی کەسێک باشترە،بەخێرایی،پێش ئەوەی کارتە سەوزەکەتان تەواوبێت.لەکاتی پڕکرنەوەیدا دەبێت زۆر ووردو دەقیقبن لە نووسینی هۆی داواکردنی پەنابەریتان لەفەرەنسا.دەبێت هۆو سەبەبەکەی ژیانتانی خستبێتە مەترسیەوە،وە زۆر بەووردی شوێنو ڕۆژیی ڕووداوەکان بنووسن.لە دووای پڕکرنەوە فۆتۆکۆپی فایلەکە بکەن و لای خۆتان هەلیبگرن،وەفایلە پڕکراوەکە لەڕێگەی بەریدەوە بەنامەی پسوولە ئیمزاکراوی گەیشتن بنێرن بۆ ئەو ناونیشانەی خوارەوە،وەبەو جۆرە نامە ناردنە بەفەرەنسی پێیدەلێن لێتر ڕۆکۆماندێ ئەڤێک ئەکیوزێ دو ڕێسێپسیۆن.دەتوانن خۆشتان نامەکە ببەن بۆ ئەو ناونیشانە.

OFPRA(201,rue Carnot.Fontenay-sous-Bois Cdex)

## ئەو هەق ومافانەی هەتانە لەکاتی بەڕێوەچونی معامەلەکانتاندا....

-ئیجازەی ئیقامەی مووەقەت کارتی سەوز:کەبۆیەک مانگەو تازەناکرێتەوە.بۆیە دەبێت بەخێرایی،بەبێ شپرزەیی،فایلەکەی ئۆفپرا(لیاس ئۆفپرا) پڕبکەنەوەو بینێرن بۆ ئۆفپرا بۆ ئەوناەنیشانەی سەرەوە.

-بەلگە نامەی وەرگرتنی یان گەیشتنی بۆ ئۆفپرا:بەگەیشتنی فایلەکەتان بۆ ئۆفپرا،لەوێوە نامەیکتان پێدە
گات،لەڕێگەی بەریدەوە،ئاگادارتان دەکات کە فایلەکەیان تەسجیل کردووە،بەفەرەنسی بەو بەلگە نامەیە دەلێن (**سێرتیفیکا دو دێپۆ**).ئەو بەلگەنامەیە زۆرگرنگ و بەنرخە،چونک ئیسباتی ئەوە دەکات کە ئێوە داوای پەنابەریتان کردوەو فایلەکتان لەوێیە،ئەو بەلگەنامیە ژمارەیەکی هەیە،ئوژمارەیە ژمارەی فایلە کەتانە لە ئۆفپرا،بۆیە لەهەر نامە نووسینو پەیوەندیدا لەگەل ئۆفپرادا دەبێت بینووسن...

-کارتی زەرد یان ڕێسیپیسێ دو دوماندوێر دازیل:بە بەلگەنامەکەی ئۆفپراکەتانەوە لەگەل کارتە سەوزە کەو چوار ڕەسمەوە جارێکی تر دەڕۆنەوە بۆ پرێفێکتۆر،لەوێ ئەو **کارتە زەردە** وەردەگرن،کە ئیجازەی ئیقامەیە بۆ سێ مانگ و تازەش دەکرێتەوە بەبەردەوامی هەتا وەلامی ئۆفپراتان پێدەگات..

-مافی کارکردن:هەق و مافی کار کردنتان نیە هەتا وەلامی ئۆفپراتان بەدەست نەگات.

-یارمەتیی دارایی(پارە):بو کارتە زەردە یارمەتیەک وەردەگرن کەمیقدارەکی **300** ئیرۆیە بەم یارمە تیەش دەلێن(ئەلۆکاسیۆن دەتەند)یەعنی یارمەتی چاوەڕوانی،ئەمەش یەک جارە،دواییش یارمەتی خۆچەسپاندن بەفەرەنسی(ئەلۆکاسیۆن ئەسێرسیۆن)میقدارەکەی **300** ئیرۆیەو بۆ دووانزە مانگە بۆ ئەو دوو یارمەتیەش مراجەعەی ئەو بەڕێوەبەراییەتیەی خوارەوە بکەن.

SSAE (18,rue Auguste-perret.75013 Paris-métro Tolbiac.Ligne 7)

بۆیارمەتیە دووانزە مانگیەکە بۆ ئەو ناونیشانەی خوارەوە.

ASSEDIC ,36,rue du Maroc,métro Stalingrad.Ligne 2,5 ou7)

-ژوور و خانوبەرە:بەوەرگرتنی کارتی زەرد مافتان هەیە داوای ژوور بکەن لە (**کادا**)کەمپ،یان ناوە درێژەکەی،سەنتەری پێشوازی داواکەرانی پەنابەری،بەلام لە پاریس وچواردەوری پاریس زۆر کەمە بۆیە یەک سەر شاری دوورتان پێشنیار دەکەن.ئیحسائیە وامان پیشان ئەدات کە ئەوانەی لەو سەنتە